# ئەقڵ یا دڵ؟

ئەیوب رەحمانی

ئەفلاتوون لە کۆمارەکەیدا (کتێبەکەی) دەروونی مرۆڤی بە سێ بەش دابەش کردووە، یەکەمین، بەشی ئارەزوو و حەزە کە بە ئەندامانی سێکسی مرۆڤ ئیرزا دەکرێت. دووهەمینیان تووڕەیی و هەست و سۆزە کە مەڵبەندەکەی دڵە و سێهەمینیش ژیرییە کە مەڵبەندەکەی مێشکە و لە سەردایە! ناوبراو ئەم دەروونشیکارییە بۆ کۆمەڵگاش بە کار دێنێت بە شێوەیەک کە خەڵک بە بەشی یەکەم واتە ئارەزوو و حەزەکان دەشووبهێنێت، سەربازەکان بە بەشی دووهەم واتە هەست و سۆز و تووڕەیی و فەرمانڕەواکانیش بە ئەقڵ و ژیری وەسف دەکات. ئەفلاتوون ئەم یاسا تیئۆریکە گشتییانەی بۆ کۆمەڵگای سەردەمی خۆی کە چوارسەد ساڵێک پێش زایین ژیاوە، واتە سەردەمی هەخامەنەشییەکان لە ئێران! (لە دایکبووی ٤٢٧ی پێش زایین لە ئاتن بووە) نووسیوە و پێموانییە ئەمڕۆ پاش زیاتر لە ٢٤٠٠ ساڵ زۆر سەرنجی خەڵک و زانایان و رامیاران و فەرمانڕەوایانیش بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، چوونکە زەمەن گۆڕاوە و مرۆڤ بە ئاقارێکی زانایی زیاتردا تێپەڕیوە و ئەمڕۆ یاسای گشتیی نوێ ڕەچاو دەکرێت. چوونکە ئاڵ و گۆڕی زۆر لە مرۆڤی ئەمڕۆدا پێک هاتووە، بەڵام خوێندنەوەی هەر بۆ دەکرێت!

ئاڵ و گۆڕ لە ژیاندا لە بوون و نەبووندا، لە فکر و هزر و بیر و باوەڕدا و لە داب و نەریتدا، لە هوونەر و مووزیک و مۆسیقادا و بە گشتیی لە هەموو تان و پۆیەکی ژیاندا بوونیان بووە و هەیە و بوونیشیان هەر دەبێت و دەمێنێت. بە جۆرێک کە زۆر ڕاشکاوانە دەتوانم بڵێم کە کۆنترۆڵ و دەسەمۆکردنی ئاڵ و گۆڕ لە دەسەڵاتی مرۆڤ و هیچ هێزێکی دیکەشدا نییە. ئاڵ و گۆڕ دەسەمۆ ناپەزیرە و لە سرووشتیی بوون و نەبووندایە. بۆیە مرۆڤ ناگووزیرە لەوەی کە ئەبێت ئاڵ و گۆڕ قەبووڵ بکات و خۆی لەگەڵیا هاوئاهەنگ و تەتبیق بدات. شتی نەگۆڕ بوونی نییە و موقاوەمەت لە ئاست ئاڵ و گۆڕدا تەنیا شکستە و هیچی دیکە! ئەوانەی لە باری هزرییەوە نەتوانن یا نەیانەوێت خۆیان لەگەڵ ئاڵ و گۆڕدا تەتبیق بدەن، خۆ ناتوانن ئاڵ و گۆڕ بووەستێنن، بەڵکوو سەریان بە دیواری بتووندا دەکووتن و تەمەنی کورتیی ژیانیان، لە خۆیان ڕەش دەکەن و ژیانێکی پڕ لە کێشە و چەرمەسەریی هزرییان دەبێت تا ئەو ڕۆژەی کە دەمرن. بۆ ئەوەی جیهان و سرووشت هەر چییەک بێت و هەر چۆنێک بێت، مرۆڤ تەنیا بەو شێوەیە ئەیبینێت کە لە مێشکی خۆیدا فەرزی دەکات. چوونکە ئەگەر مرۆڤێک جیهانی دەرەوەی خۆی هەموو بە ڕەش ببینێت، دیارە لە جوانییەکانی سرووشت و پەیوەندییە جوانەکان و ئەشق و خۆشەویستیی کەمتر حاڵی دەبێت و زۆربەی بە خراپی دەبینێت و بە ڕەشبینیی و پووچگەرایی دەگات و دایم پەشۆکاوە! بە پێچەوانە ئەوەی ئاڵ و گۆڕ قەبووڵ دەکات، تۆلێرانسی هەیە بۆ شتەکان و جووانی دەبینێت لە سرووشت و لە پەیوەندییەکاندا، وە دیارە ژیانیشی جوان و پاک و بێگەردترە و دەروونیشی هادیئترە و ئارامترە!

کەواتە لێرەوە من بەم ئاکامە دەگەم کە مرۆڤەکان دوو بەشن، بەشێکیان باوەڕیان بە ئاڵ و گۆڕ، تەکامول و ئێڤۆلووسیۆن هەیە و بەشەکەی دیکە باوەڕیان بە ئاڵ و گۆڕ و بە تەکامول یا نییە یا کەمترە!
ئەوانەی باوەڕیان بە تەکامول و ئاڵ و گۆڕ هەیە واتە دەستەی یەکەم: ماتریالیستەکان، زانستخواز و زانستپەروەرەکان، مۆدێرنیستەکان، پێشکەوتنخوازەکان، بروونگەراکان و هتد، وە بە گشتیی دەکەونە خانەی "ئەقڵگەراکان"ەوە!
ئەوانەی باوەڕیان بە تەکامول و ئاڵ و گۆڕ نییە، واتە ئەوانەی دەستەی دووهەم: ئایینی و ئایدیۆلۆژیستەکان، ڕۆحگەراکان، سوونەت و داب و نەریتچییەکان، خوداپەرەستەکان، دەروونگەراکان و هتد، وە بە گشتیی "دڵگەراکان" لە خۆ دەگرن!

هەندێک کەس لە مابەینی ئەو دوو بەشەدان، ئەمانە ئەو کەسانەن کە هێشتا نە بە دڵ و نە بە ئەقڵ بڕیاریان بۆ نەدراوە کە لە کام لا دەبن یا بە تەمان لەکام دەستە و کاتێگۆریدا بن! هەندێکجار ماتریالیست و ئەقڵگەران، بەڵام ناخودئاگا پشتیوانیی لە هەست و نەست و دەروونگەرایی و دڵگەرایی دەکەن، هەندێکجار دڵگەران بەڵام باس لە مودێرنیتە و زانست و پێشکەوتن دەکەن! ئەڵبەت شەرت نییە مرۆڤەکان خۆیان بڕیار بدەن یا بڕیاریان دابێت کە لە کام بەشدا بن یا لەکام بەشدا دەیانەوێت بن. زۆر جار هەڵبژاردەکە ناخودئاگایە و مرۆڤەکان بە بێ ئەوەی خۆیان بڕیاریان دابێت، لە ڕووی هەلس و کەوت و هزریانەوە خۆبەخۆ لە ئەم بەش یا ئەو بەشدا دەستەبەندی و کاتێگۆریزە دەکرێن. خۆیان بڕیاری بۆ نادەن، داب و نەریت و کۆمەڵگا و پەروەردە پێشتر بۆیانی دیاری کردووە کە لە کام دەستە بن. لە کۆمەڵگا سوونەتییەکاندا بە گشتیی دڵگەرایی حاکمە و ئەقڵگەرایی واتازە کاری لەسەر دەکرێت کە مرۆڤەکان بە لایدا ڕابکێشرێن، بە بێ ئەوەی خۆیان بیانهەوێت! جا لەم ناوەدا کەسانێک کە ئاگاترن، خوێندەوارترن، بۆخۆیان بڕیار دەدەن کە لە کاملادا بن. بۆ نموونە شاعیران بە زۆریی دڵگەران،

ئەهلی دڵن و سیاسەتمەداران بە گشتیی ئەقڵگەران و لە وڵاتی ئێمەش، لە کوردستان دڵگەرایی دەستی باڵای هەیە و کوردەکان بە گشتیی هەستیار و سۆزدار و دڵگەرایین و دایمە دەڵەی پیرێژنی دۆ لێ ڕژاوین و پرتە و بۆڵەمانە لە دەست دار و بەرد، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و گەشە سەندوو بە گشتیی ئەقڵ حاکمە و نەک دڵ.

دیارە بە پێویستیی دەزانم کە جەخت لەسەر ئەمەش بکەمەوە کە من ئەم باسەم بە شێوەی گشتیی و ڕێژەیی هێناوەتە ئاراوە و بە هیچ شێوەیەک بەو مانا نییە کە ئەوانەی ئەقڵگەران ئیتر دڵیان نییە و یا ئەوانەی دڵگەران، ئیتر ئەقڵیان نییە! نا ئەم باسە بەم شێوە ناکرێت، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە باسەکە کوولی و ڕێژەیشە! حاڵەتێکی تێئۆریی گشتیی دەگرێتە خۆی!

بۆ ڕوونتر کردنەوەی ئەم بابەتە پێویستە بە شێوەیەکی بنچینەیی ئاوڕێک لە تێئۆریی بوون و نەبوون، ئەوەی وا ئێستا زانست پێی گەیشتووە بدەمەوە. ئەم زانستە تێئۆریکە نوێیە کە بە تەمام وەک بەڵگەی باسەکەم بیهێنمەوە و زانستیی مرۆیی ئەمرۆ پشتیی پێ دەبەستێت، سەرەتاکەی ناگەڕێتەوە بۆ تێئۆرییی تەکامولی داروین (١٨٨٢–١٨٠٩) لە سەدەی نۆزدەدا، کە دیارە ئەمیش زۆر گرنگە، بەڵکوو ئەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە نەوەت ساڵ پێش ئێستا (سەدەی بیستەم). کاتێک کە لە ساڵی ١٩٢٠ هەسارەناسی ئەمریکی بە ناوی ئێدوین هابڵ (Edwin Hubble) بە تێلێسکۆپێکی سەد ئینجی لە مۆنت ویڵسۆنی ( Mount Wilson) لۆس ئانجلێسەوە بە سەرسووڕمانەوە بینی و بەم ئاکامە گەیشت کە تەقریبەن هەموو گاڵاکسییەکانی ئاسمان لە ئێمە و لە یەکتر دوور دەکەونەوە و هەتا دوورتریش دەبنەوە خێراتر دەبنەوە و گەردوون و سرووشت دایمە لە ئاڵ و گۆڕدایە!

ئەمانە چ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟ دواتر دێمەوە سەری، چوونکە هەموو عیللەت و مەعلولی یەکن!! ئەم زانیارییە نوێیەی ئەوکات کە ناوی ئێکسپانسیۆن (Expansion)ی لێنرا، بە خێرایی سەرنجی هەسارەناسان و فیزیکناسانی بۆلێکۆڵینەوە لە سەری ڕاکێشا و تەنانەت زانایانێکی زۆری ئەو کات (دڵگەراکان) لە پاڵ ڤاتیکاندا لە دژی ڕاوەستان، بۆ ئەوەی پێیان وابوو ئەم زانیارییە نوێیە هەموو مەعادیلات و زانیارییە پێشووترەکان تێک دەشکێنێت و بۆ چەندەمینجار بوونی خودایەک وەک خالقی هەموو شتێک دەباتە ژێر پرسیار کە بۆ ماوەیەکیش تا ساڵی ١٩٤٨ هەر وای لێهات. ساڵی ١٩٤٨ تێئۆرییەکی دیکە بە ساپۆرتی ئایین و بە بێ پشت بستن بە زانیارییەکی تاقیکراوە هاتە ئاراوە بە ناوی (Steady–state–Theorie) یا تێئۆریی ڕاگرتنی باڵانس و ئەویش هەر ئەوە بوو کە جەختی لەسەر تێئۆرییە کۆنە پێشووترەکان دەکردەوە و ئەویووت گەردوون هەتا بووە و هەیە هەر وا بووە کە ئێستا هەیە و هیچ تەقینەوەیەک لە ئارادا نەبووە و تێئۆریی و تاقیکراوەکانی ئێدوین هابڵ ڕاست نین و ڕووداوێکی ئێتیفاقی بوون کە بیندراون! بەڵام هەمدیسان حەڤدە ساڵ دواتر لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٦٥ شتێکی سەرنجڕاکێشیی دیکە لە دوور دوورەکانی ئاسمان (گەردوون) بە تێلێسکۆپی بە هێزتر لە تێلێسکۆپە سەد ئینجییەکەی ئێدوارد هابل بیندرا. ئەویش تیشکێکی لاواز و خەفیفی مایکرۆوێڵەیی بوو لە پشت کۆمەڵە هەورمانەندێکی تێک ئاڵۆز و فشوردە! تەنیا تاریفێک کە لەوە دەکرێت لە بواری تێئۆریی زانستییەوە ئەمە بوو کە ئەوانە کۆمەڵە هەسارەیەکن کە ژێلەمۆ ئاسا لە تەقینەوەی گەورەوە هەر دایسێن و دوور کەوتوونەتەوە و هێشتا سارد نەبوونەتەوە و دەور و بەریشیان کۆمەڵێک گازی ڕەشی ناشی لە ئەو سووتانە درووست بوون، هەر ئەوەی کە میلیۆنەها ساڵ پێشتر بە سەر زەویدا هاتووە و زەوی سارد بۆتەوە و بەم شێوەیەی ئەمڕۆی لێ هاتووە و ژیان لە سەری سەوز بووە. ئەم زانیارییە نوێیانە کە تێئۆریی ڕێژەیی ئاڵبێرت ئاینشتاینیشی لەمەڕ کات و زەمەن پشتڕاست دەکردەوە، ئاکامی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر شتێفن هاوکینگ (Stephen Hawking) ئاسترۆفیزیکێری بریتانیایی بە هاوکاری پرۆفسۆر ڕۆژێ پێنرۆز ( Roger Penrose) بوو کە دواتر ناویان نا ئینفلاشن یا ئینفلاسیۆن (Inflation). وە ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرا و حاشالێنەکراوی تازە بوو کە تێئۆرییەکەی ئێدوارد هابلی کە ساڵی ١٩٢٠ پێی گەیشتبوو دیسانەوە پشتڕاست کردەوە و جێگای شک و گوومانی نەهێشتەوە کە هەسارەکان پێشتر هەموو کۆمەڵەیەکی لێک نیزیک بوون کە لە ئاکامی تەقینەوەیەک ڕوویانداوە و پاشانیش، پاش زیاتر لە سێزدە میلیارد ساڵ بەو شێوەی ئەمڕۆ لێک دوورکەوتوونەتەوە. ئەمڕۆکە ئەو سەرنجەی هابل بە گرنگترین زانیاریی مرۆڤایەتیی لەمەڕ بوونی گەردوون و ژیان دەزانرێت لە دیدی زانستی هەسارەناسییەوە، ئەگەرچی کەنیسە و ئایینەکان (دڵگەراکان) بە گشتیی تا ئەمڕۆکەش لە دژیی ڕاوەستاون، چوونکە بیرۆکە نەسەلمێندراوە ئایینییەکانی ئەوان پووچەڵ دەکاتەوە!

کەواتە ئەو پرسیارە گرنگەی کە ساڵی ١٩٢٠ بە تێئۆرییەکەی هابل وڵامی وەرگرتبوو ئەمە بوو کە ئەگەر گاڵاکسییەکان لە ئێمە (زەوی) و لە یەکتر دوور دەکەونەوە و دایمە لە ئاڵ و گۆڕدان، کەواتە ئەبێت سەردەمانێک زۆر لە ئێمە و لە یەکتر نزیکتر بووبن، دراوسێ بووبین، دیارە ئەوکاتە کە زەویش بۆخۆی پشکۆیەکی گڕاویی بووە! کەواتە ئەو کاتەی کە زۆر لێک نزیک بووین، کە ئەگەڕێتەوە بۆ ١٣.٧ میلیارد ساڵ پێش ئێستا ئەبێت تەقینەوەی گەورە واتە ئووڕکناڵ ڕووی دابێت و بەو تەقینەوە هەموو شتێک لە ئاسمان بڵاوبووبێتەوە و وردە وردە لێک دوور کەوتوونەتەوە. مێژووی درووست بوونی ژوور و کاتیش

(Raum und Zeit) هەر ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو مێژووی تەقینەوەی گەورە، هەر ئەو کاتیش کات و مەکان درووست بووە، بەڵام وەک باسیکرا ئەم تیئۆریانە هێشتا لە گوماندا مابوونەوە تا ئەوەی کە لەساڵی ١٩٦٥ سەلمێندرا کە ڕاستە!

ئەم باسەی سەرەوە کە لە ئەسڵدا زۆر ئاڵۆز و دوور و درێژە و ئەمە تەنیا دڵۆپێکە لە هەموویم بۆیە هێنایە پێش بۆ ئەوەی سەلماندبێتم کە "بوون" ئەوەتای درووست بووە هەر لە پاش تەقینەوە گەورەکەی زیاتر لە سێزدە میلیارد ساڵ پێش ئێستاوە هەتا ئەمڕۆ هەر لە ئاڵ و گۆڕدا بووە و لە داهاتووشدا پێش بەو ئاڵ و گۆڕە ناگیرێت و لە دەسەڵاتی بەهێزترین زانستی مرۆڤایەتیشدا نییە کە بەر بەو ئاڵ و گۆڕانەی داهاتوو بگرێت. لە ئاکامی ئەو ئاڵ و گۆڕانەدا و لە توێی میلیۆنەها ساڵدا لە ئاکامی تێکەڵ بوونی گازەکاندا، ئۆکسیژن و هیدرۆژن و زۆر گازی دیکە درووست بوون، هەموو بە سرووشتی و بە بێ دەخالەتی "خالقێک"! لە تێکەڵ بوونی ئەم گازە نوێیانە بۆ نمونە ئۆکسیژن و هیدرۆژن و تیشکی خۆری موناسب، ئاو ($H_2O$) لە سەر زەوی درووست بووە. پاش میلیۆنەها ساڵ لە ناو ئاودا و بە تیشکی خۆر و گەرمای موناسب ئامیبەکان و بوونەوەرە مایکرۆسکۆپییەکان هاتوونەتە بوون، هەموو بە شێوەی سرووشتی و ئەوجار پاش میلیۆنەها ساڵی دیکە ماسییەکان لە ناو ئاودا و ئەوجار دووزیستەکان لە ئاو و وشکاییدا و ئەمە هەر وا درێژەی کێشاوە تا چەندین جۆر بوونەوەری وشکایی بە شێوەی سرووشتیی هاتوونەتە بوون و شاخەی جیا جیایان لێ بۆتەوە تا بە ڕەگەزێکی جیاواز کە ئەمڕۆکە ئێمەین گەیشتووە. ئەگەر ئێمە ژێنێتیکی ڕەگەزی مرۆیی خۆمان بخوێنینەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە مرۆڤ لە سەرەتاوە لە ڕەگەز و بنەماڵەی دوڵفین و واڵەکان بووە کە ڕەگەزێکیان لێ جیا بۆتەوە و هاتۆتە وشکایی و دارستانەکان و وردە وردە ڕەگەزێکی لە جۆری مشکیی گەورە هاتۆنەتە بوون و بە دارەکاندا هەڵگەڕاون (بۆیە ژنێتیکی مرۆڤ و مشک زۆر بە یەک دەچۆن و لە لابراتوارە پزشکییەکاندا ئەوەی دەرمانە لە سەر مشک و مەیموونی تاقی دەکەنەوە و ئەوجار بە مرۆڤی نەخۆش و هەژاری دەدەن و ئەوجار کە سەرکەوتوو بوو، دەیخەنە بازاڕ!) وە مشکە گەورەکانیش ڕەگەزەی جۆربەجۆری مەیموون و عەنتەر و شامپانزەکانیان لێبۆتەوە و یەک لەو ڕەگەزە مەیموونییانە هاتوونەتە سەر دوو پێ و ڕاست بوونەتەوە و میوەی دارەکانیان خواردووە و خێرا ڕایان کردووە و توانیویانە ڕاو بکەن و بە شێوەی گرووپ بژین و زا و زێ بکەن و وردە وردە ژیر (ئاقڵ) بوونەوە یا ژیر کراونەتەوە، ئاگریان کردۆتەوە و لە کوونە دار و کوونە ئەشکەوتەکاندا ژیاون و هتد! (کە دیارە من دوو ساڵێک پێشتر لەسەر ئەم چۆنییەتیی ژیر بوونی ئەو بابەگەورە و دایەگەورانەی مرۆڤ وتارێکم نووسیوە بە ناوی " مرۆڤ لەشی ئاژەڵە و ئەقڵی فەزایییە" کە دیارە بۆ ئەوانەی حەزیان لەو باسەیە دەتوانن ئەو وتارە بخوێننەوە و لێرە لە سەر چۆن ژیر بوونی ئەو ئاژەڵە دوو پێیانەی کە بوونە مرۆڤ، ناچم، چوون ئەویش باسێکی زۆر ئاڵۆز و دوور و درێژە بۆخۆی.) بەڵام بۆ ئەوەی لە بەشی دووهەمی باسەکەم بگەن، خوێندنەوەی ئەو وتارە کۆنترە تەوسییە و پێشنیاز دەکەم!

با بێمەوە سەر جادەی سەرەکیی باسەکەی کە مەبەستمە، ئەویش ئاڵ و گۆڕە و ئایا مرۆڤایەتی بەرەو دڵگەرایی دەڕوات یا ئەقڵگەرایی و ئایا دەتوانرێت ئەو پرۆسەی ئاڵ و گۆڕەی مرۆڤ بوەستێندرێت؟

درێژەی هەیە.........!

٢٥ی جۆزەردانی ٢٧١٢